هەریەکێکتان شوێنی لە دۆزەخدا یان شوێنی لە بەهەشتدا؛ لە قەدەردا نووسراوە

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئامادەی جەنازەیەک بووین (لە گۆڕستانی) بەقیعی غەرقەد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات ودانیشت وئێمەش لە دەوری دانیشتین ودارێکی بچووکی پێبوو وسەری داگرت وداڕەکەی دەستی دەکڕاندە سەر خاکەکەدا، پاشان فەرمووی: «هەریەکێکتان شوێنی لە دۆزەخدا یان شوێنی لە بەهەشتدا؛ لە قەدەردا نووسراوە (بڕیاری لەسەر دراوە لە قەدەردا)»، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا بۆچی پشت نەبەستن بە ئەوەی لەسەرمان نووسراوە؟ فەرمووی: «کردەوە ئەنجامبدەن، هەموو کەسێک ئاسانکاری بۆ دەکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی کە ڕێنیشاندەری دەبن بۆ ئەو شتەی کە بۆی دروستکراوە» پاشان تەواوی فەرموودەکەی باسکرد.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- لە لای جەنازەی کەسێکدا بوون لە گۆڕستانی مەدینە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دانیشت لە نێو هاوەڵانی، وگۆچانێک بە دەستیەوە بوو وسەری داگرت بەرەو زەوی وەکو ئەوەی بیر بکاتەوە وغەم بخوات، وگۆچانەکەی کڕاند بەسەر زەویدا، پاشان فەرمووی: خوای گەورە -سبحانه وتعالى- قەدەری هەموو خەڵکی نوسیووە وشوێنەکانیانی نووسیوە لە بەهەشت یان لە دۆزەخ. کاتێک هاوەڵان ئەمەیان بیست لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- ووتیان: ئەگەر بڕیاردا بێت لەسەر قەزا وقەدەر بەوەی ئەوەی چاکەکارە ودەچێتە بەهەشتەوە، وئەوەی خراپەکارە ودەچێتە دۆزەخەوە، ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئیتر بۆچی کردەوە بکەین با واز لە کردەوە ئەنجامدان بهێنین، چونکە هیچ سوودێک نییە بۆ هەوڵدان، چونکە هەموو شتێک نووسراوە ولە قەدەردا بڕیاری لەسەر دراوە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەڵامیانی دایەوە وفەرمووی: کردەوە بکەن وپشت نەبەستن بەوەی کە بڕیاری لەسەر دراوە لە قەزا وقەدەردا بە خێر یان شەڕ، بەڵکو کردەوە بکەن بەو شێوەیەی فەرمانتان پێکراوە ولەو کردەوانە دوور بکەونەوە کە نەهیتان لێکراوە، چونکە کەسێک ناچێتە بەهەشتەوە مەگەر کردەوەی ئەهل وخەڵکی بەهەشتی ئەنجامدا بێت، وکەسێک ناچێتە دۆزەخەوە مەگەر کردەوەی ئەهل وخەڵکی دۆزەخی ئەنجامدا بێت، هەمووی ئەو کردەوانەی بۆ ئاسان دەکرێت کە بۆ ئەنجامدانی دروستکراوە لە خێر وشەڕ، بۆیە ئەوەی لە خەڵکە ئاسوودەکان بێت ئەوا خوای گەورە کردەوەی چاکەکاران ئەنجامدەدات، وئەوەی لە خەڵکە تیاچووەکان بێت ئەوا خوای گەورە کردەوەی خراپەکارانی بۆ ئاسان دەکات، بەڵام هەرمرۆڤێک ئەگەر پەیامی خوای گەورە بیست لەسەر زەویدا وهەق وڕاستی بۆ ڕوون بووەوە وبۆی دەربکەوت کە پەیامی ئیسلام ڕاستە وپشتگوێی بخات وشوێنی نەکەوێت ئەوا خۆی بژاردەی چوونە دۆزەخی هەڵبژاردووە، ومرۆڤیش نازانێت چی بۆ نووسراوە بەڵکو دەبێت ئەوەی فەرمانی پێکراوە لە قورئان وسونەتدا ئەنجامی بدات وئەوەی نەهی لێکراوە لە قورئان وسونەتدا لێی دووربکەوێتەوە، وئەم فەرموودەیە هەرگیز بەڵگە نییە بە دەستی تاوانکەران وکافرەکانەوە کە دەڵێن خودا بڕیاری لە سەر قەزا وقەدەری ئێمە داوە؛ نەخێر بەو شێوە نییە، چونکە خودا ڕێگای چاکەکاری وخراپەکاری ڕوونکردووەتەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8869